# بنەچەی عوسمانییەکان و دەرکەوتنیان

- بنەچەی عوسمانییەکان
- بیردۆزەکان دەربارەی مێژووی عوسمانییەکان
- ئەوەی راستییە دەربارەی بنەچەی عوسمانی

# بنەچەی عوسمانییەکان

- گرفتی نووسینەوەی مێژووی عوسمانی.

- بنەچەیان وابەستەی کۆمەڵێك بیروبۆچوونی خەیاڵی کراوە، وەك: بە (52) پشت دەگەڕێنەوە سەر (نوح) پێغەمبەر، یان رەچەڵەکیان دەگەڕێندرێتەوە بۆ سەر عەرەبەکان.

هۆیەکانی پەیدابوونی بیروڕای جیاواز لەبارەی بنەچەی عوسمانییەکان:

1- ونبوونی سەرچاوە و کەرەستەکانی تایبەت بەو ماوەیە.

2- بوونی هەندێ بیروڕای نادروست و شتی ئەفسانەیی و پڕوپووچ.

- سەرگوزەشتە تەقلیدییەکە: گەڕاندنەوەی عوسمانییەکان بۆ (سلێمان شا)، کە سەر بە تیرەی (قایی) و سەر بە عەشیرەتی گەورەی (ئۆغوز)ی تورکە.

- عوسمانی کوڕی ئورتوغرولی کوڕی کۆندوز ئالپ سەر بە تیرەی (قایی) سەر بە هۆزی گەورەی (ئۆغوز)ە، کە تورکستان زێدی رەسەنیانە.




عوسمانی کوڕی ئەرتوغروڵ (1326-1299) / ئۆج بەگی - غازی

# بیردۆزەکان دەربارەی مێژووی عوسمانییەکان

– سەبارەت بە پەیدابوونی دەوڵەتی عوسمانی کۆمەڵێك بیروبۆچوونی خورافی هەبوو، بە تایبەت دەربارەی سەرەتاکانی دەسەڵاتی میرنشینی. بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی و ساڵانی دواتر، سێ بیردۆزی ئەکادیمی هاتنە کایەوە:

– بیردۆزی مێژوونووسی بریتانی (ئیدوارد گیبۆنز)، لە ساڵی (1916) لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) تیشکی خستۆتە سەر رەچەڵەك و سەرەتاکانی دەرکەوتنی عوسمانییەکان. (رەتکردنەوەی هەندێك لە سەرگوزەشتە کۆنەکە و قبووڵکردنی قایی)

- بیردۆزی مێژوونووسی تورك (محەمەد فوئاد کۆپرلی)، لە ساڵی (1934) لە زانکۆی سۆربۆن چەند موحازەرەیەکی لەبارەی (سەرهەڵدانی دەوڵەتی عوسمانی) پێشکەش کرد. (رەتکردنەوەی هەندێك لە بیردۆزەی گیبۆنز و سەرگوزەشتە کۆنەکە و قبوولکردنی قایی)

- بیردۆزی پاوڵ ویتاك، لە ساڵی (1937) لە زانکۆی لەندەن چەند موحازەرەیەکی بە ناونیشانی (سەرهەڵدانی دەوڵەتی عوسمانی) پێشکەشکرد. (قایی، سلێمان شا، ناوی عوسمانی)

# ئەوەی راستییە دەربارەی بنەچەی عوسمانی

– عوسمانی غازی دامەزرێنەری میرنشینەکەیە، سەرۆکایەتی تورکە نیمچە کۆچەرەکانی کردووە، لە ژێر سەرکردایەتی میری قستمۆنی لە ناوچەکانی سەر سنوور جەنگاوە.

– بە گوێرەی دابە خۆجێییەکانی ناوچەکە، کە عوسمانی لەسەر پەروەردە بووە، دەبوو سەرکەوتنێکی مەزن بەسەر بێزەنتەکان بەدەست بهێنێت، تاوەکو لە لایەن سوڵتانی سەلجووقییەوە نازناوی (بەگ)ی پێ ببەخشرێت. بە گوێرەی گێڕانەوە عوسمانییەکانیش عوسمان توانیویەتی قەڵایەکی گرنگ لە دەستی بێزەنتەکان دەربهێنێت.

- گێڕانەوەکان ئەوەش دەردەخەن کە عوسمان دوای سەرکەوتنی لە شەڕی (بافیۆن) ساڵی (1301) سەربەخۆیی تەواوەتی راگەیاندووە و وتاری رۆژی هەینی بە ناوی ئەوەوە خوێندراوەتەوە.

- لە هەمان کاتدا رێبازە سۆفیگەرییەکان باڵیان کێشاوە بەسەر ژیانی رۆحی لە ناوچە سنوورییەکان، بەو پێوەدانەش هۆی پێوەلکانی مۆرکی سۆفیگەرایی بە دەوڵەتی عوسمانی روون دەبێتەوە.




**ئەنادۆل لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەهەمدا**

بابەتی داهاتوو

# پێکەوەنانی دەوڵەت و هۆیەکانی گەشەسەندنی

**سەرچاوە:**

- د. خليل اينالجيک، تاريخ الدولة العثمانية من نشوء الى الانحدار.
- احمد عبدالرحيم مصطفى، فی أصول التاريخ العثماني.
- د.محەمەد سوهەيل تەقووش، عوسمانييەکان لە سەرهەڵدانی دەوڵەتەوە بۆ کودەتا بەسەر خەلافەتدا.
- د.مەيمونە هەمزە مەنسوور، مێژووی دەوڵەتی عوسمانی.